# ڕەخنەی خەمناک

حەمەسەعید حەسەن

(لەسەر کاغەزی سپی پەکم نەکەوتووە، وەلێ چونکە نە هیچ هەیە خەونی پێوە ببینم، نە تروسکەیەکی ئومێد بەدی دەکەم، بۆیە توانای دەربڕین بە هانامەوە نایەت.)

ئالتوسیر هەموو کۆششی بۆ ئەوە بوو، لێ نەگەڕێت، مارکسیزم ببێتە ئایدۆلۆگی، ئاخر پێی وابوو ئایدۆلۆگیش وەک ئایین نەگۆڕە و قابیلی گەشەسەندن نییە. دوژمنی سەرەکیی مارکسیزم ئەوانە بوون کە کردیانە ئایدۆلۆگییەکی جێگیری فەرمی، ئاخر کرۆکی مارکسیزم لە (گۆڕان)دا خەست دەبێتەوە، دژی بە ئایدۆلۆگیکردنی خۆیەتی. کارەسات تەنیا هەر ئەوە نییە، بزووتنەوەیەکی ئایینی، ئێستایش وابەستەی ئەو تێزانە بێت، کە دەیان سەدە پێشتر باو بوون، کارەسات ئەوەشە، بزووتنەوەیەکی مۆدێرن، وەک ئایین سەرنجی بیروباوەڕی خۆی بدات.

یەکێک لەو کێشە ئالۆزانەی، ڕووناکبیری ئەم سەردەمەی ولاَتی دواکەوتوو، بە دەستییەوە دەناڵێنێت، ئەوەیە لە کاتێکدا، وەک زەمان دوا بەرهەم و تازەترین دەستکەوتی ئەم قۆناغەی لەبەر دەستدایە و کەڵکیان لێ دەبینێت، کەچی وەک شوێن، لە جێیەکدا دەژی، دەیان قۆناغ دوای دەستکەوت و داهێنانە تازەکان کەوتووە. پۆڵ ڕیکۆر گوتەنی: (ڕووناکبیری ولاَتی دواکەوتوو، لە بارودۆخێکی، یان وردتر لە زەمان و شوێنێکی پێکەوە نەگونجاودا دەژی، لە وەختێکدا ئاگاداری پێشکەوتووترین فیکرە، لە جێگەیەکدا دەژی، هیچ لەگەڵ فیکری پێشکەوتوودا کۆی ناکاتەوە.)(1) مەحەممەد ماغووت دەڵێت: (زیندانییەک بووم، لە پێناوی ئازادیدا، سالاَنێکی زۆر، سەرقاڵی لێدانی تونێلێک بووم، کەچی ئەوسەری تونێلەکە، گەیاندمییە سەر زیندانێکی دیکە.) خەباتی ڕووناکبیری ولاَتی دواکەوتوو، گەلێک جار وەک خەباتی ئەو زیندانییە نائومێدە وایە. ئەوە نییە، ڕۆژانە دەیان گوتار لە دژی تیرۆرکردنی ژن دەنووسرێت و کەچی ژمارەی ژنانی قوربانی، هەر لە هەڵکشاندایە! بە پێچەوانەی بزووتنەوە ئایینییە بەکاوەخۆ، میانڕۆ و توندڕۆکانەوە، کە لە هەوڵی سەپاندنی تاقە کولتوورێکی دێریندان، پۆستمۆدرێنزم بایەخ بە کولتوورە جیاوازەکان دەدات و خۆی لە چەسپاندنی کولتوورێکی دیاریکراوی نوێ یان دێرین، بەدوور دەگرێت، ئاخر کولتووری داخراو، بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە، بە پێچەوانەشەوە، ئەو کولتوورەی دەرگای بە ڕووی کولتوورەکانی دیکەدا وازە، بەردەوام گەشە دەکات.

نووسەری لاورگە، کەسێکە لەسەر بەرهەم و ناوبانگی نووسەرانی دیکە دەژی. نووسەرێکی داهێنەر دەکات بە ئامانج، بێ سڵەمینەوە و دوودڵی بەرهەمەکانی تالاَن دەکات و دێت بە کەرەسە، ڕستە و دەربڕینی ئەم نووسەری داهێنەرەوە، پەلاماری ئەو نووسەری داهێنەری دیکە دەدات، ڕێ دەکەوێت نووسەری لاورگە، هەمان نووسەری داهێنەر، هەم تالاَن بکات و هەم پەلاماریشی بدات. وەک چۆن دەشێت نزیکترین کەسی خۆمان، گەورەترین زەبرمان لێ بدات، نووسەری لاورگەش دەشێت، بە کام نووسەری داهێنەر زۆر سەرسام بێت، سەرەتا دەست لەو بوەشێنێت. هەرگیز بە هیوای ئەوە مەبن، تووشی نووسەرێکی لاورگەی زارخاوێن ببن، ئاخر ئەوی زەوتکردنی بەری ڕەنجی کەسانی دیکەی،

پێ کارێکی ئاسایی بێت، بەخشینەوەی قسەی ناشرینیشی، پێ ئیشێکی ڕەوایە. حیزب هەیە، لەبری ئەوەی ئاسۆی نوێمان بە ڕوودا بکاتەوە و خەباتی بۆ جوانترکردنی ژیان بێت، کەچی لە هەوڵی ناشرینترکردنی ژیاندایە، گۆرانی بەسەر باڵای ڕابردوودا هەڵدەدات و هەڵسوکەوتی دەکەوێتە خانەی خزمەتی چەسپاندنی گەندەڵییەوە! ڕێکخراوی (سڤیلسالاری،)(2) هەیە، لەبری ئەوەی بە گژ گەندەڵیدا بچێتەوە، خۆی بەشێکە لە گەندەڵی! ڕۆژنامەنووس هەیە، لافی دژایەتیکردنی گەندەڵی لێ دەدات و داوای ڕیفۆرم دەکات، کەچی مەبەستی سەرەکیی ئەوەیە، بە شێوەیەکی نارەوا، بەشێک لە داهاتی نیشتمانی پێ ببرێت!

2007. 06. 18

(1) فهد الشقیران، ڤلمات تگارد المپقف، 2007\6\13 ایلاف.

(2) (سڤیلسالاری)م لەبری کۆمەڵگەی مەدەنی بەکار هێناوە.